باسم عەوادی: بە بڕینگاربونەوەی گۆڕانی کێشوەوا هەماهەنگی لەگەڵ وڵاتانی ناوچەکە و جیهان دەکەین



وتەبێژی حکومەتی عێراق رایگەیاند، کاردەکەن بۆ هەماهەنگیکردنی هەوڵەکانی لەگەڵ وڵاتانی دیکەی ناوچەکە و جیهاندا بەمەبەستی بەهێزکردنی کارە نێودەوڵەتییەکان لە بڕینگاربونەوەی گۆڕانی کێشوەوای جیهانی و لە پێناو بڕژەوەندییە نێودەوڵەتی و هەرێمی و نیشتمانییەکاندا. باسم عەوادی، وتەبێژی حکومەتی عێراق لەو ڕاگەیەندراوەکدا باسی لەوەکردوە، "حکومەتی عێراق پێزانینی خۆی بۆ ئەو هەوڵانەی حکومەتی دەوڵەتی ئیماراتی یەکگرتوی عەرەبی دەردەبڕێت بۆ ڕێکخستنی کۆنفرانسی لایەنەکانی ڕێککەوتننامەی چوارچێوەی نێتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە کێشوەوا لە 30ی تشرینی دووەمەوە تا 13ی کانوونی یەکەمی 2023 و گرنگیشتن بە بەیاری کۆتایی کۆدنگی کە لە ڕۆژانی کۆنفرانسەکەدا گفتوگۆیان لەسەر کرا".

ئاماژەی بەوەشکردوە، عێراق یەکێکە لەو وڵاتانەی کە زەرترین کاریگەری گۆڕانی کێشوەوای لەسەرە و هەوڵی سنووردارکردنی دەدات بۆ پاراستنی تەندروستی هاوڵاتیانی و ژینگەکەی و سیستەمە کشتوکاڵییەکەی، بەڵێم ئەم بەیارانە بۆ هەنگاوێکی گرنگ دادنرێت بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی ڕێککەوتنی پاریس، کە گرنگترینیان کەمکردنەوەی کاریگەریی نەرێنییەکانی گۆڕانی کێشوەوایە،

بەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندییان بە بەرزبوونەوەی پلەکانی گەرماوە هەیە.

وتەبێژی حکومەتی عێراق دەڵێت، "ئاگەیاندنی کۆتایی لەلایەن هەندێک لە وەاتانەوە هوبەوەی ناڕازایەتی بووە لەسەر هەندێک لە بڕگە کۆتاییەکانی، بەڵام گرینگیشتن بە بڕیارەکی هاوبەش سەبارەت بە بکارهێنانی سوتەمەنی بەردینی و گەڕینەوەی دانوستان لە سنوردارکردنی سوتەمەنی بەردینیەوە بە گەڕینەوەی دادپەروەرانەی وزە دەستکەوتکی گرنگە بە وەاتانی تازە گەشەکردوو و هێنارەکەری نەوت".

ئەوەشی خستوەتەڕوو، "ئێو بڕیارانە کەمێک پابەندبونی بەهێزیان لەخۆگرتبو بە وەاتانی پێشسازی بەشداربو لە کۆنفرانسەکەدا، لەوانە دابینکردنی پارەی زیاتر بە وەاتە تازە گەشەکردوەکان بە پشتگیریکردنی هەوڵەکانیان لە کەمکردنەوەی دەردانەکان و یارمەتیدانیان بە خۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی کەشوهەوا و گواستنەوەی تەکنەلۆژیا وبنیاتنانی توانا و دابینکردنی دارایی سندوقی لەدەستدان و زیان".

وتەبێژی حکومەتی عێراق رونیکردوەتەوە، بەغدا پێشوازی لە شێوازی ئێو کەدەنگیێ دەکات کە پێی گرینگیشتوە، بەڵام بە دەنگی خێی دەردەبڕێت لەسەر یەکێک لەو بڕگانەی کە توانای کارکردنمان سنوردار دەکات بۆ جێبەجێکردنی پابەندبونەکانمان بەرامبەر گەلی عێراق و بەرژەوەندییێ نیشتمانییەکان.

ئەوەشی خستەڕوو، حکومەتی عێراق کاردەکات بۆ هەماهەنگیکردنی هەوڵەکانی لەگەڵ وەاتانی دیکەی ناوچەکە و جیهاندا بەمەبەستی بەهێزکردنی کارێ نودەوڵەتییەکان لە بەرەنگاربونەوەی گۆڕانی کەشوهەوای جیهانی و لە پێناو بەرژەوەندییێ نودەوڵەتی و هەرەمی و نیشتمانییەکاندا.